# دەوڵەت و "دەوڵەتی کوردی" لە نێوان واقعیەت و سۆزدا ""هیوا عبدالله

Hiwa.Abdullah@gmail.com

لە مێژووی بزاڤی سیاسی کوردیدا بە گشتی و لە دوای راپەرینە جەماوەرییەكەی ئازاری ساڵی 1991ی باشووری کوردستاندا بە تایبەتی، دەوڵەتی کوردی لە ئێستا و ئاییندەدا بەردەوام لە رۆژەڤی لایەنە کوردییەکان و لایەنە بەرانبەرەکانیدا بووە و تا رۆژی ئەمرۆمان ئەو گفتوگۆیە بەبێ ئەوەی بە ئەنجام بگات بەردەوامە.

لەبەر ئەوەی هەڵوێستەکردن لەبەرانبەر دەوڵەتی کوردیدا هەڵوێستەیەکی تایبەت بە سیاسەتی رۆژ و ئایدۆلۆژیاکان بووە، تاوەکو ئێستا قوتابخانەی کوردی نەیتوانیوە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ئاکادیمی لەسەر دەوڵەت بە گشتی و دەوڵەتی کوردی بەتایبەتی بکات، ئەمەش وای کردوە، زۆر جار تاکی کورد و شەقامی کوردی بەبەر ئەو لافاوە سیاسییە هەستییە بکەوێت، کە لایەنە سیاسییەکانی لایەنگری دەوڵەت و دژبەری دەوڵەت ئەنجامی دەدەن جا بە چ مەبەستێكەوە بێت.

بەبێ بە بیرهێنانەوەی مێژووی سیاسەت و دەوڵەت لە جیهاندا، ناتوانین هەڵوێستەیەکی زانستیانە لەسەر دەوڵەتی کوردی بکەین، بۆیە بەبێ ئەوەی بکەومە ناو هەڵوێستێکی موتڵەق – "ئابسلوت1"ی وەك ئەوەی (دەوڵەتی کوردی پۆزتیڤە یان نیگەتیڤ، دەبێ یان نابێ)، هەوڵ دەدەم لەم نووسراوەیەدا سەرەتا لەسەر مێژووی دەوڵەت و پاشانیش هەلومەرجی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی و ئەگەرەکانی راوەستم.

## ئامانجی دەوڵەت:

گەلێك لە بیرمەندان و فەیلەسوفانی جیهان بە گشتی و ئەورووپا بە تایبەتی لە کۆن و ئێستاشدا راوەستەیان لەسەر ئامانجی دەوڵەت کردوە و هەرکەسەو بەپێی قوتابخانەو بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی بە تێڕوانینێك هەڵوێستەی لەبەرانبەر دەوڵەتدا کردووە.

لەسەرەتادا هەریەکە لە ئەفلاتۆن و ئەرەستۆ ئەگەرچی بۆچوونیان تاڕادەیەك لەسەر دەوڵەت جیاوازە، بەڵام هەردووکیان پێیان وایە دەوڵەت بە شێوەیەکی خۆڕسك لەیەك گرتنێکی سنووردار و ساکاری خێڵ و خێزان هاتۆتە کایەوە، هەر دوو بیرمەند پێیان وایە دەوڵەت هەم پێویستە و هەم ناچارییەکە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە و پاراستنیان لە بەرەڵایی. بەڵام هەردووکیان دەوڵەت وەك ئامانجێکی سەرەکی نابینن و پێیان وایە دەوڵەت ئامرازێکە بۆ چاك کردن و کامڵ بوونی ئاکاری خەڵك.

ئەگەر چی هەریەکە لە ئەفلاتۆن و ئەرەستۆ، پێیان وایە دەوڵەت دادوەری بۆ کۆمەڵانی خەڵك دێنێ، بەڵام لە هەمان کاتدا لە چەند دێڕێکی دیکەی تیۆرەکانیاندا قسەیەکی دیکەی پێچەوانەی ئەوەی پێشوو دەدرکێنن، بۆ نمونە ئەفلاتۆن ئەڵێ: ئەگەر بیری یەکسانی، ئازادی و دیمۆکراسی تاسەر پەیڕەو بکرێ، ئەوا جیاوازی نێوان سەروەر و کۆیلە، پیا و ژن لەناو دەچێ، پێی وایە ئەو دۆخە خراپەو دەبێ خۆمانی لێ لادەین و دوای ئەوەش قسەکانی ئاراستەی خوێنەرانی دەکات و دەڵێ خۆتان لە دیموکراتی لادەن!!. هاوپیشەکەشی واتە ئەرەستۆ لە گوتەیەکیدا رادەگەیەنێ کارێکی باشە کە کۆیلە هەر بە کۆیلایەتی و پیاوی ئازاش لە سیاسەتدا دەستڕۆ بێ.

بەڵام "هۆبز و لۆك" بە روونتر باس لە ئامانجەکانی دەوڵەت دەکەن، هەرچی هۆبزە پێی وایە دەوڵەت بە مەبەستی دامەزراندنی دەستوور و ماف ساز دەبێ و هەرچی (لۆك)ە، پێی وایە تاکە بنەمایەك کە ڕەوایەتی بە هەبوونی دەوڵەت دەدات ئەوەیە تاکەکەس بپارێزێت لە لادان لە دەستوور.

## چەند راستییەك سەبارەت بە مێژووی دەوڵەت

ئەگەر چی ناتوانین بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەتەنیا هەردوو شار دەوڵەتی ئەسینا و ڕۆم وەك نموونە و ئارگۆمێنت بێنینەوە لە کاتی هەڵوێستە کردنمان لەسەر دەوڵەت، بەڵام لە گوتەکانی هەردوو فەیلەسوفی ئەوساکە واتە ئەفلاتۆن و ئەرەستۆ، تا رادەیەك ئامانجی دەوڵەت بەدیار دەکەوێ. لەلایەکی دیکەوە، هەردوو فەیلەسوف

کە ئایدیۆلۆگیستی شار دەوڵەتی ئەسینا و ڕۆمان هەڵگری بیرکردنەوەیەکی سەر بە سیاسەتن، هەربۆیەش هەردوو شار دەوڵەتی ئەسینا و ڕۆما لە ماوەیەکی کورتدا بوونە دەوڵەتی ئایدیۆلۆگی.

مورکوس توللیوس سیسێرۆ 106-43ی پێش زاین، کە لەسەر پیاوانی دەوڵەتدا دەدوێ پێی وایە مرۆڤ نابێت بەتەنیا پاك بێت، دەبێ پاکیش بخاتە کار، بیریاران پێیان وایە مەبەستی ناوبراو لە پاکی زانستی مەزن و دەرککردنە بە زانستی سروشت، کە مرۆڤیش بەشێکە لەو سروشتە، سیسێرۆ پێی وایە لەو ڕێگایەوە مرۆڤ دەتوانێ چاکەو خراپە بەدەست بێنێ.

هەر لەسەرەتای لە دایکبوونی تیۆری دەوڵەتدا، ناکۆکییەکی زەق و ئاشکرا لە نێوان سروشت، مرۆڤ و دەوڵەتدا دەردەکەوێ، ئەو ناکۆکییەش خۆی لە دوو قاڵبی ناکۆکی وەك "مافی سروشتەکی خەڵك و مافی گەلان" دەبینێتەوە، بەپێی مافی سروشتەکی هیچ مرۆڤێك بە کۆیلایەتی لە دایك نابێ و نابێ بە کۆیلایەتیش بژی، بەڵام بەپێی مافی گەلان دەشێ مرۆڤ بە کۆیلایەتی بزێت یان لە دایك ببێ.

هەربۆیەش لە دەوڵەتی ڕۆمدا هەردەم ناکۆکی لە نێوان ئەوانەی پێیان دەگوترا ئەرەستۆکرات و ئەوانەی پێیان دەگوترا دێمۆکرات هەبوو، دێمۆکراتەکان بە کردار و گوتار هەوڵی چاکەی گشتیان دەدا، کەچی ئەرەستۆکراتەکان، هەوڵی ڕاکێشانی مەیلی پیاوماقوڵانیان دەدا.

شار دەوڵەتی ڕۆم کە چەندین سەدە بەناکۆکی ژیا، نەك بەتەنیا بەربەرەکانی نێوان کۆیلەو خاوەن کۆیلە بەڵکو ناکۆکییەکان گەیشتە ڕادەیەك کە شەڕی دەستەڵات سەردارانی ڕۆماش بگرێتەوە، تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە لایەنەکان ڕازی ببن سەردارەکان بۆ ماوەی یەك ساڵ هەڵبژێردرێن، هەربۆیەش پاشا ئەو ڕۆڵەی لە دەستدا کە بۆ گەل حیسابی باوکی بۆ دەکرا.

دەوڵەت هەر لەسەرەتایەوە تاوەکو ئێستاکە لە گەلێك وڵاتانی دواکەوتو وەك "کۆماری ئیسلامی ئێران، دەوڵەتی کەمالیستی تورکیا، وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان و ...هتد دەبینرێ مۆرکێکی ئایدیۆلۆگی پێوە بووە، بەڵام مێژووی زانستی سیاسی ئەوەی سەلماندووە کە ئایدۆلۆگییەکی سیاسی پەرەسەندوو لەگەڵ بارودۆخی سیاسی و

کۆمەڵایەتی ناوخەڵك كۆك و هاودەنگ نابێ، وە نابێ چاوەڕێی ئەوە بین ئایدیۆلۆگیا ببێتە ئاوێنەیەك و لە ڕێگای ئەوەوە تەماشای جیهان بکرێ، بەڵکو ئایدیۆلۆگیا دەبێ ببێتە هەڵگرو پاڵنەری هێزێك کە ئامانجی گۆڕانە لەناو ژینگەیەکی سیاسی کە تێیدا دەژی، لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا کە ئایدیۆلۆگی و دەستەڵات بەشێوەیەکی "ئابسلۆت2 " تێکەڵ بە یەکتری کران، ئەوا ڕێگا بۆ ئەوە خۆش دەکات، کە بەرەو تەریقەت بوون مل بنێ، ئایدیۆلۆگیاش جا کوردی دەبێ یان عەرەبی، سوور دەبێ یان ڕەش، کە بوو بە تەریقەت جگە لە سازکردنی چەند گۆڕستانێك ناتوانێ هیچ بەرهەمێکی دیکەی بۆ کۆمەڵگە هەبێ. هەر بۆیەشە ئۆگۆستینوس دوای پێنج سەد ساڵ گووتەکانی سیسێرۆ بەکار دێنێ و ئەڵێ ڕشتەی کۆیلایەتی ڕەزامەندی خوای لەسەرە. پاولۆسیش پێی وایە هەر کەسێك لە فەرمانڕەوایەتیدا هەڵگەڕێتەوە، لە خودا هەڵدەگەڕێتەوە.

## دەوڵەت و ناکۆکییەکانی سەدەی حەڤدەمین و ڕێنێسانس:

سەدەی حەڤدەم، ئەو سەدەیە بوو کە شەڕی ئایدیۆلۆگی پەرەی سەند و بیرورا تازەکان شوێنی کۆنەکانیان دەگرتەوە، دەوڵەتیش بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دا، درێژە بە هەبوونی خۆی بدات، وڵاتی ئینگلاند "بریتانیای ئێستا" گەرمترین مەیدانی ئەو ناکۆکییە بوو کە شەڕی ناوخۆیی ماوەیەکی دوور و درێژی خایاند، لە وڵاتانی دیکەشدا ئەم سەدەیە وەك تاقە نموونەی دڕندایەتی ناوزەد دەکرێ، بەڵام وێڕای هەموو کارەساتەکان لە ئەنجامی ئەو ناکۆکیانەدا بەرهەمێکی دەوڵەمەندی ئەدەبیش سەری هەڵدا. ڕشتە سیاسییەکان گۆڕان و نەریتە کۆنەکان چوونە مۆزەخانەکانەوە، ئیتر لەو ڕۆژەوە نەریتێکی سیاسی چەسپاو باوی نەما لەو وڵاتەدا، ململانێکان سەرەتا لە کێشمەکێشی دەستەڵاتی نێوان پەرلەمان و پاشادا سەری هەڵدا، گرووپی "کاڤالیەر" کە سەر بە پاشا بوون سوور بوون لەسەر تیۆری "دەسەڵاتی پاشا، خێری خودایە". بەڵام لایەنە بەرانبەرەکانیان پێیان وابوو کە دەبێ پاشاو پەرلەمان لە دەسەڵاتدا یەکسان بن و دەسەڵاتەکان دابەش بکرێن، تا وەکو ناکۆکیەکان لە ساڵی 1640 گەیشتە ڕادەیەك کە پاشای ئەوسای ئینگلاند لەسێدارە درا. بەڵام لەو کاتەوە خەسڵەتێکی سیاسی لەو وڵاتەدا جێگای خۆی قایم کردو دەوڵەت بوە تێکەڵەیەکی نێوان نەریتەکی ئەرەستۆکراتەکان و بۆرژوا تازەکان. ئەم مۆدێلەش دوای ئەوە بۆ گەلێك وڵاتی دیکە پەڕیەوە و پاشانیش وڵاتە بەهێزەکان چ بە پاڵپەستۆ و چ لە ڕێگای داگیرکردنی وڵاتێکی دیکە فەرمانڕەوایەتی خۆیان بەو شێوەیە سەپاند، کە زۆربەی جار لەگەڵ ڕاستینەی ئەو کۆمەڵگەیەشدا نەدەگونجان.

چەمکی تاکە کەس و بیری پەیمانی کۆمەڵایەتی "ئینگلیزی3" لەسەردەمی کارابوونی بۆرژوازیدا سەریان هەڵداو لەسەرەتای سەدەی هەژدەمدا بڕە بڕە خۆیان خزاندە ناو پێکهاتەی دەوڵەت ئەمەش بۆ جاری یەکەم لەلایەن "هۆبز و لۆک"ەوە باسیان لێوە کرا، کە هەردووکیان پێیان وابوو دەبێ دەوڵەت لەسەر رەزامەندی یەکەیەکەی ئەندامانی بڕوات بەڕێوە. هۆبز پێی وایە مرۆڤ بریتیە لە سۆز و هۆش، بەبێ دەوڵەت و دەسەڵاتی سەپێنراوی دەوڵەت لایەنی سۆز بەسەر هۆشدا زاڵ دەبێ ئەوەش وا دەکات مرۆڤ هەوڵ بدات خاوەنی هەموو شتێك بێت و چێژ لە هەموو شتێك وەربگرێ و بەم پێیە دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ مرۆڤی دیکەدا.

هۆبز هەر بەوە ناوەستێ و هێرش دەکاتە سەر ئەو بیرمەندانەی کە بەرگری لە تیۆری دۆخی سروشتەکی دەکەن و بەم پێیە نموونەی ئەوەیان بۆ دێنێتەوە کە لە هەندێك شوێنی ئەمریکادا مرۆڤەکان بە بێ دەوڵەت دەژین ئەو پێی وایە ئەوە ژیانێکی ئاژەڵییە. لۆکیش پێی وایە ئەگەر کەسێك لەناو دۆخی سروشتیدا لابدات کەس ناتوانێ سزای بدات، ئەوەش دەبێتە هۆی بەناچاری هەبوونی دەوڵەت پەسەند بکەین، بەڵام پێی وایە ئەگەر دەوڵەت داوای ئارامبوون لە تاکە کەس بکات دەبێ ئەو مافانەی بۆ دابین بکات کە لە دۆخی سروشتیدا هەیەتی.

فەلسەفەی هۆبز پێی وایە دەوڵەت شتێکی دەستکردە "ئارتیفاکت" واتە هیچ پەیوەندییەکی بە سروشتەوە نییە، پێی وایە دەوڵەت زلە مرۆڤێکە لە یەکە یەکەی مرۆڤەکانی دیکە پێکهاتووە، تاکەکەس خاوەنی خواست و هۆشە، دەوڵەتیش بەمەبەستی درێژەدان بە تەمەنی خۆی پێویستی بە خواست و هۆش هەیە، ئەوەش زۆر جار دەبێتە هۆی ناکۆکی.

هێگلیش وەك یەکێك لە فەیلەسوفە بەناوو دەنگەکان ئەگەرچی زۆر بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە باسی دەوڵەت دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا رستەیەکی بەو شێوەیەش بەکار دەهێنێت: "دەوڵەت مەرجی نایەکسانی تێدایە، جیاوازی دەخاتە نێوان حوکمڕان و حوکمکراو و سەردەست و ژێر دەستە".

## مارکسیزم و دەوڵەت

یەکێك لەو ئایدۆلۆگیانەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمیندا باوی ەەبوو و ململانێی لەگەڵ جیهانی سەرمایەداری دەکرد شێوازی مارکسیانە بوو کە چارەسەری کێشەکانی لە شۆڕشی چینایەتی و ڕوخاندنی دەوڵەت و سازکردنی دەوڵەتی پرۆلێتاریادا دەبینیەوە. ئەگەر چی مارکسیزم بانگەشەی چارەسەریەکی جیاوازی لە هی سەرمایەداری دەکرد و خۆی جیا دەکردەوە، بەڵام ئەگەر بە وردی سەیری بکەین دەبینین لەمەسەلەی دەوڵەتدا بە ەەمان شێوە لە کێشەکان دەڕوانێ، بە پێی زۆربەی زۆری زانایان و تیۆرزانانیش ەەر ئەوە بوو بوە هۆی ڕوخاندنی سۆسیالیزمی بنیادنراو و ەەرەسی کۆمۆنیزم لە جیهاندا. مارکسیزم پێی وایە چارەسەری کێشەکان، دادوەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی خۆی لە دەوڵەتێکی پرۆلێتاریادا دەبینێتەوە، ئەگەرچی زۆر بۆچوونی جیاواز و تێڕوانینی جۆر بەجۆر لەمەر مارکسیزم تا ئێستاش لە ئارادایە، بەڵام زۆربەی زۆری شارەزایانی مارکسیزم لەسەر ئەوە کۆکن کە مارکسیزم تیۆرێکی دابڕاو لە دەوڵەت نییە، بۆیەش زۆربەی جار هاوئاەەنگە لەگەڵ سەرمایەداری.

دەوڵەتی نەتەوەیی

هیتلەر دەڵێ "دەوڵەت ەەر شێوەیە ناوەڕۆکەکەی گرنگە کە گەل و نەتەوەیە، دەوڵەت ئامرازێکە نەك ئامانج، ئەو ئامانجەی دەوڵەت دەبێ خزمەتی بکات "ڕەگەزە" واتە دەوڵەتی ئەڵمانی دەبێ خزمەتی رەگەزی ئاری بکات.

هیتلەر و نازییەکان کاتێك پاساوی جینۆسایدکردنی جولەکەکان دێننەوە، رایاندەگەیاند "جولەکە ڕەگەزێکی بێ سنوور باڵادەستن، بۆ نموونە بەو ژمارە کەمەی خۆیان توانیویانە ەەموو سەروەت و سامانی نێونەتەوەیی بۆ خۆیان کۆبکەنەوە، بەمەش پارەیەکی مەزنی نێونەتەوەیی و مارکسایەتیان بەسەر گەلی ئاری سەپاند کە بە شەڕو بنبڕکردن نەبێ ەەرگیز ناشکێن".

ئەگەر ئەم چەند نمونەیەی نازیەکان بێنینەوە بەسە بۆ ئەوەی لە دەوڵەتی نەتەوەیی بگەین کە چەند ترسناك و دژە مرۆڤە و لە کۆتاییشدا خۆی و ڕەگەزەکەشی لەناو دەبات، ئەگەر چی ئەو نەتەوانەی تاوەکو ئێستا نەگەیشتونەتە مافەکانیان لە رووی سایکۆلۆژیەوە دەوڵەت نەبێ هیچ شتێکی دیکە ناتوانێ برِی تێنوتیان بشکێنێ، بەڵام ڕاستیەکی دیکەش ئەوەیە، فۆڕمی دەوڵەت -نەتەوە ئەمڕۆ لە جیهاندا باوی نەماوە، جگە لەو مەترسیانەی لێی دەکەونەوە، شۆڕشی تەکنۆلۆژیا و بڵاوبونەوەی بەسەر جیهانیشدا، زەمینەی جیاوازی ئێتنیکی کەمتر کردۆتەوە، ئەگەر چی تا ئێستاش کورد کوردەو تورك تورکەو عەرەب ەەر عەرەبە.

## دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیا:

ئەگەر چی لەسەردەمی ئەمڕۆماندا دەوڵەتی ئایدۆلۆژی ڕیسواش کرابێ و گۆشەگیر کرابێ، بەڵام زۆربەی کەسایەتی و شارەزایانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەبەر یەك هۆ ڕکەبەرایەتی دەوڵەت دەکەن ئەویش ئایدیۆلۆگیایە.

ئەو کەسانە پێیان وایە، ئەگەر دەوڵەت مەبەستێکی ئایدیۆلۆگیانەی نەبێ پێویست ناکات، ەەر بۆیەش پێیان وایە دەوڵەت لە ەەموو کاتو شوێنەکاندا مەترسیدارە بۆ سەر کۆمەڵانی خەڵکو ئامرازێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵك.

## دەوڵەتی کوردی و مەسەلەیەکی دژوار

وا دیارە قسەکردن لەسەر دەوڵەتی کوردی کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی گەلێك بابەتی وەك هاوکێشەی سیاسی، نێونەتەوەیی، ئابووری و مێژوویی تێکەڵکێشی یەکتر بوونە و ڕەوشێکی ئاڵۆزیان هێناوەتە ئاراوە، ەەر بۆیەش باس کردن لە دەوڵەتی کوردی مەسەلەیەکی دژوارە.

دژواری ئەو مەسەلەیەش لەوە دایە، بزاڤی سیاسی كوردی تاكو ئێستا لە نێوان نەریت و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ڕەوشەی جیهان پێی گەیشتوە ماوە، بەهەمان شێوەش تاكی كوردی كە هێشتان بە تەواوی كامڵ نەبوە و خۆی لە چوارچێوەی كۆمەڵگەیەكی دێمۆكراتی و كراوەدا نەبینیوەتەوە هێشتاش خەون بەوەوە دەبینێ ڕۆژێك لەژێر سێبەری دەوڵەتەكەیدا خۆی ببینێتەوە كە لە لایەن زۆربەی مرۆڤەكانی دیكەی ئەو ئەزمونەیان بینیوە و بڕی تێنوتویان شكاوە، بە پێچەوانەی ئێمە دەوڵەت شتێكی كۆن بووە ئەگەر چی هێشتانیش لە ژێر سێبەری دەوڵەتدا بژین و بڵێن ئێمە خەڵكی ئەڵمانیا، فەرەنسا و سوێدین، دەوڵەت لەلای ئەوان ئەو پیرۆزییەی لەدەست داوە. بۆیە ئەوەش شتێكی مەترسیدارە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا كە كۆمەڵگەی كوردی كۆمەڵگەیەكی نەریتییەو تا وەكو ئێستا هەبوون لە نێوان تاكو كۆمەڵ بەش نەكراوە هەموو شتێك لە بەر دەستی بنەماڵە، خێزان و حیزبی سیاسی دایە، ئەمەش وا دەكات هەر پێكهاتەیەكی نزیك لە پێكهاتەی دەوڵەت بە ئاسانی دەستەمۆ بكرێ و ماوەیەكی دوور و درێژ لە لایەن كەسانی سەردەست و مشەخۆر و كۆمەڵێك كەسەوە كۆنترۆڵ بكرێ خەڵكی دیكەش ڕۆڵی خزمەتكاری بەر دەرگای دیوەخان ببینن.

ئەگەر چی ناسیۆنالیزم لەسەرەتادا شتێكی دەستكردە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت ئەو بزوتنەوە كوردیانە لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمدا شڕۆڤە بكەن دیسان دەبینین، ناسیۆنالیزمی كوردی جیاواز بوە لە ناسیۆنالیزمی وڵاتانی دیكە، هەموو هێزە ناسیۆنالیستەكان لەگەڵ هێزێكی دەرەوە، هاوپەیمانی ئەبەستن و بەرژەوەندییەكانی خۆیان لەو ڕێگەیەوە مسۆگەر دەكەن، بەڵام ناسیۆنالیزمی كوردی هەر لەسەرەتایەوە تا وەكو بزوتنەوەی كوردی ئەمڕۆمان بەتایبەتی لە باشووری كوردستان، تەنانەت نەیتوانیوە هاوپەیمانیەتیش لەگەڵ هێزە باڵادەستەكاندا ساز بكات، ئەگەر جۆرە پەیوەندی و هاوكاریەكیشی هەبووبێ تا ئێستا ئەنجامەكەی هەر شكست بوە و لە ئەنجامدا هەردەم بۆتە قوربانی، ئەو جۆرە نزیكبونەوەی نێوان كورد و ئەمریكا و ئینگلتەراش كە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام و سەری هەڵدا تا ئێستا ئەنجامی تەواوی بەدیار نەكەوتوە. زۆربەی زۆری ئەو هێزانەی كە دەوڵەت ساز دەكەن یان بەڕێوەی دەبەن سەرەتا هێزگەلێكن خۆیان لەگەڵ بەشێكی زۆری جەماوەر ئاوێتە دەكەن، بەڵام كە گەیشتن بە دەسەڵات، هەوڵ ئەدەن دەسەڵاتی خۆیان موتڵەق و هەتا هەتایی بكەن و بانگەشەی ئاوا دەكەن كە ژیان لەلای ئەوانەوە ئافرێندراوەو، بۆ بەردەوامبونی ئەو ژیانەش دەبێ ئەوان دەسەڵات بەدەست بن.

لێرەدا مەبەست زەقكردنەوەی ئەو پرسیارەی كە دەڵێ كورد لە داهاتوودا دەوڵەتی دەبێ یان نا؟ هێزە كوردییەكان دەیانەوێت خاوەن دەوڵەت بن یان نا؟ نیە كێشەكە ئەوەیە كورد ئەتوانێ چ جۆرە دەوڵەتێكی هەبێ، ئایا پێشمەرجەكانی بەڕێوبردنی دەوڵەتێكی دیموكراتی و پێشكەوتوخواز لە ناو بزاڤی سیاسی كوردی و كۆمەڵگەی كوردی چۆن دێتە ئاراوە؟. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە، بزوتنەوەی سیاسی كوردی و كۆمەڵگەی

کوردستان لاوازتر لە تورك و فارس و عەرەب و نەتەوەکانی دیکەی خاوەن دەوڵەت نیشان بدەین ئەگەر چی ئەوان خاوەن ئەو ئەزموونەن ئێمە نیمانە ئەوەتا تازە خەونی پێوە ببینین، بێ گومانم لەوەی ئێمەش ئەتوانین دەوڵەتێکی وەك ئەوانمان هەبێ، بەڵام ئێمە دەمانەوێ خەون بە دەوڵەتێکی دیکە ببینین، نەك ئەو دەوڵەتەی کە بە دەستی خۆمان تێکۆشانی لەبەرانبەردا دەکەین.

ئەگەر سەیری دەوڵەتی بەلجیکا بکەین کە لە هەمان کاتدا پایتەختەکەی "بروکسل" پایتەختی یەکێتی ئەوروپاشە، بریتیە لە دەوڵەتێکی فیدرالی، پەرلەمانتاری فرەلایەن و فرە نەتەوە، سەربارى گوشاری هەموو رێکخراوە مەدەنییەکان و لەسەروی هەموویانەوە ژینگە پارێزەکان، هێشتانیش لە ناو لیستی تایبەت بە گەندەڵیدا، ژمارە پێنجی پێ بخشراوە، جا تۆ بڵێی بزوتنەوەی سیاسی کوردی و کۆمەڵگەی کوردی ئەگەر خۆیان لە گەڵ پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە پێوەر بکەن، بەشی شێریان بەرنەکەوێ؟!!.

لە ئەزموونی سیاسی ئەو دواییەی باشووری کوردستاندا دەردەکەوێ، کە کورد ئامادە نییە بۆ دەوڵەت، ئەگەر دەوڵەتیشی بە نسیب ببێ، ناتوانێ بەو شێوەیە بەڕێوەی ببات، ئەگەر بەشێوەیەك لە شێوەکان بەڕێوەشی ببات، ئەو دەوڵەتە ناتوانێ دیموکرات و ئازاد بێ و لەسەر بنەمای هێزی سروشتی کۆمەڵگە بەڕێوە بچێ، جا لێرەدا بەر لەوەی بکەوینە گفتوگۆیەکی هەڵەی وەك "دەوڵەتمان دەوێ یان نا" دەبێ گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بکرێن کە رۆڵی شێرپەنجە لەناو بزوتنەوەی سیاسی کوردیدا دەبینن و جگە لەوەش ئەکرێ بێ ترس و دوودڵی بڵێین کۆمەڵگای کوردیش بەقەد پێکهاتە سیاسییەکان، زەمینەی ئەو شێرپەنجەیەی تیادایە.